گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper7

ڕێــكەوتــی وەرگــرتـن: 09-05-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 20-06-2023
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 28-02-2025

# وەرگێڕانی ئامێری و گرنگی لە زماندا

**تابان نوری حمەسعید[١] - همزه حسين حمه[٢]**

hamza.hussein@uor.edu.krd - taban@uor.edu.krd

[١+٢]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی وەرگێڕان لەبواری زمانەوانی کارەکیدا نیشـــاندەدات، کە پێویســـتییە کی گرنگی پەیوەندی نێوان وڵاتان و شـــارســـتانییەتە جۆراوجۆرەکان بوە و گرنگی وەرگێڕان لە ئێســـتادا زیاتر بوە. لەبەرئەوەی لەســـەردەمی ئەو پێشـــکەوتنە خێراییەی زانســـت و زانیاریدا زیاتر پێویســـت بە وەرگێڕان دەکات، بەڵام بیر لە وەرگێڕانێک کراوەتەوە، کە بەهۆی ئامێرەکانی بواری تەکنۆلۆجیا و کۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدرێت، تاکو بتوانرێت لەگەڵ ئەم خێراییەی گەشـــەی زانست و زانیاریدا پێوستی مرۆڤ پڕبکاتەوە.

زمانەوانی کۆمپیوتەری لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، خاوەنی سـیماو بنەمای ڕونە، بریتییە لەو دەوروبەرە تەکنیکییەی کە لێکەوتەکانی زمانەوانی سروشــتی و شـێوازەکانی تێدا دەتوێتەوە، کاری ئەم زانســتە بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەســتنەوەی زمان بە کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنۆلۆجییەکانەوە.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشــەکی و ئەنجام و لیســتی ســەرچاوەکان لە دو بەش پێکهاتوە، بەمشـێوەیە: بەشی یەکەم پێکهاتوە لە: (زمانەوانی کارەکی، چەمک و پێناسـەی وەرگێڕان، جۆرەکانی وەرگێڕان). بەشی دوەم پێکهاتوە لە: (زمانەوانی کۆمپیوتەری، زیرەکی دەســـتکرد، وەرگێڕانی ئـامێری، هۆکـارەکـانی ســـەرهەڵـدانی وەرگێڕانی ئـامێری، گرنگی وەرگێڕانی کۆمپیوتەری، جیاوازی وەرگێڕانی ئامێری و وەرگێڕانی مرۆیی).

**کلیلە وشە:** زمانەوانی کارەکی، زمانەوانی کۆمپیوتەری، زیرەکی دەستکرد، وەرگێڕانی ئامێری، وەرگێڕ.

## پێشەکی

وەرگێڕان بابەتێکی گرنگی زمانەوانی کارەکییە و پێویستی بەشێوازێکی زانستیانەو ئەکادیمیانە هەیە، پێویستە زانیاریمان دەربارەی جۆرەکان و بوارەکانی وەرگێڕان هەبێت،و بزانین مەرج و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕی سەرکەوتو چین تاکو وەرگێڕانەکانمان بەسود و بەپێزبن، بێگومان ناکرێت لە توێژینەوەیەکی وەهادا هەمو لایەن و بوارەکانی وەرگێڕان بەتەواوی بخەینەڕو، چونکە بوارێکی زۆر فراوانە و گەلێک هۆکار دورست دەبن لەسەر جۆر و باشی وەرگێڕانەکان، لە ئێستادا

لەبواری زمانەوانی کۆمپیوتەریدا وەرگێڕانی ئامێری وەکو پێویستییەکی سەردەمییانە هاتۆتە ئاراوە، کاری زۆری لەسەر دەکرێت، بەمەبەستی باشترکردنی چەشن و جۆرەکانی بۆ خزمەتی خەڵکی، پێویستە ئێمەی کوردیش لەم بوارەدا گرنگی بە زمانی کوردی بدەین و تاوەکو خزمەت بە هاونیشتمانیانی خۆمان بکەین، ئەگەرچی هەندێک هەوڵی سەرەتایی و تاکە کەسی لەلایەن کەسانی دڵسۆزەوە ئەنجام دراوە، بەڵام پێویستیمان بە هەوڵی زیاتر و باشترکردنی زمانی کوردی هەیە لەم سیستەمانەی وەرگێڕانی ئامێری بۆئەوەی بتوانین زیاتر سودمەند بین.

توێژینەوەکە بە ڕێبازی وەسفی شیکاری نوسراوە، کە وەرگێڕان و جۆرەکانی و گەلێک لایەنی گرنگی وەرگێڕان شیکراوەتەوە، سنوری توێژینەوەکە زمانەوانی کارەکی و زمانەوانی کۆمپیوتەرییە، هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ گرنگی وەرگێڕانی ئامێری دەگەڕێتەوە، لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر بەکاریدەهێنێت و یارمەتیدەرە لە زۆر بواردا، سەرەڕای ئەوەی کە هەست بە هەبونی گەلێک کەموکوڕی دەکرێت لە وەرگێڕانی ئامێریدا، ئەمەش واتای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمجۆرەی وەرگێڕان پشتگوێ بخرێت، بەڵکو پێویستییەکی سەردەمیانەیە.

ئامانج لە نوسینی توێژینەوەکە ناساندنی وەرگێڕانی ئامێرییە،و هەروەها دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی ئەمجۆرە وەرگێڕانەیە، چونکە بە ئاسانی دەستەبەر دەکرێت لە ئامێرە تەکنەلۆجیاکانەوە بەتایبەت مۆبایل، کە هەمو کەس دەتوانێت بەکارییهێنێت، چونکە لەڕوی کاتەوە زۆر خێرایە و تێچوی پارەش لە ئاست وەرگێڕانی مرۆیی ڕۆڵێکی گرنگە لە بەکارهێنانیدا، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە لە زۆر بەکارهێنان و بڵاوبونەوەیدا.

بەشی یەکەم

١-١. زمانەوانی کارەکی: بێگومان هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ کاریگەییان لەسەر یەکتری هەیە، زمانیش وەکو دیاردەیەکی زیندوی ژیانی مرۆڤ ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، لەبەرئەوە زمانەوانی تەنیا تایبەت نییە بە لایەنە تیۆرییەکانی زمان، بەڵکو لقە نوێیەکانی زمانەوانی تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانەی لە نێوان زمان و بوارە جیاجیاکانی ژیاندا هەیە.

زمانەوانی کارەکی لقێکی گرنگی زمانەوانییە بەرامبەر بە زمانەوانی تیۆری دەوەستێت، ئەم لقە زۆر بابەت و بوار دەگرێتەوە لەوانە فەرهەنگسازی، فێرکردنی زمان، نەخۆشییەکانی گوتن، شیکردنەوەی بەرامبەری و شیکردنەوەی هەڵەکان و فێرکردنی زمانی دایک و زمانی بێگانە و تاقیگەکانی زمان و زانستی زمانەوانی دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئامێری و وەرگێڕان ... تد. (سەعید، ٢٠١١: ٩).

بەهۆی زمانەوانی کارەکییەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە زمان چەندە گرنگی هەیە لە هەمو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، (دەیڤد کریستاڵ) دەڵێت: ((زانایانی بواری کارەکی (تەتبیقی) زمان، بۆ هەمو بارودۆخەکان خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش دەکەن، وەکو توێژینەوە لە پڕۆگرامی خوێندنەوەی قوتابخانە سەرەتاییەکان (کریستاڵ، ٢٠٢٠: ٣٣٢)، یاخود زمانی بواری ئینتەرنێت، یاخود بواری زمانی یاسا و تاوان و دادگاری، یان بواری وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێری ... تد. لەبەرئەوە بەمشێوەیە پێناسەی زمانەوانی کارەکی دەکات (پیادەکردنی ئەنجامەکانی مێتۆدی زمانەوانی و شێوازە هونەرییەکانیەتی لە شیکردنەوە و ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارە نازمانەوانییەکاندا). (خۆشناو، ٢٠١٦: ٩).

١-٢. وەرگێڕان: جیاوازی زمان لەنێوان نەتەوە و وڵاتانی جیهاندا، بۆتە هۆی ئەوەی کە وەرگێڕان وەکو پێداویستییەکی زمانی مرۆڤایەتی بناسرێت، چونکە هەمیشە بەهۆی وەرگێڕانەوە زانست و زانیارییەکان و کلتور و ئەدەب و مێژو لە

زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گواســتراونەتەوە. بەواتایەکی تر وەرگێڕان بەربەســتی دو زمان (زمانەکان) تێکدەشــکێنێت لە ئاستی بەدەستهێنانی زانست و زانیارییەکان و زۆربەی لایەنەکانی ژیان.

هیچ نەتەوەیەک نییە بتوانێت واز لە وەرگێڕان بهێنێ، هەرچەندە سامانێکی نەتەوایەتی کۆن و بەنرخیشی. هەبێ، چونکە هەر وەرگێڕانە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلێک (نەتەوەیەک) ئاشــنای شــارســتانیەت و زانیاری و ئەدەبیاتی گەلێکی دیکە بێت، بێئەوەی ناچاربێت بە فێربونی زمانەکەی (نەبەز، ٢٠٠٨: ٨).

شــێوازی وەرگێڕان لە ســەردەمی کۆندا بە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە غەریزە ئەنجام دەدرا، مرۆڤیش بە سروشــتی کۆمەڵایەتی خۆی، کاتێک گەشـت دەکات بۆ ناوچەیەک یان شـوێنێک کە بە زمانێکی دیکە قسـە دەکات، دەبێت زمانی ئەوانی دیکە بزانێت، بە ئامانجی بازرگانی، ئاڵوگۆڕکردن یان کڕینی کاڵا و نابێت گرنگی وەرگێڕان لەبیر بکەین لە پەیوەندی لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، پێکەوە ژیان و زۆر بواری دیکە.

وەرگێڕان سـودێکی زۆری بۆ پەرەسـەندنی زمان و دەوڵەمەندکردنی بە زاراوە و وشـەیەکی زۆر و ئەزمونی مرۆڤایەتی و بیرو بۆچونی جۆراوجۆر هەیە، بۆیە نەتەوەکان بایەخیان بە وەرگێڕان داو بەهۆکارێکی پێشــەنگیان دانا، بۆئەوەی زمان دەوڵەمەند بکات و کیانی (قەوارە، ســەروەری) بپارێزێت و لەنێوان زماندا شــوێنێکی بەرزی بۆ دابین بکات (طاهر، ٢٠١٤: ٢٠٨).

هەرچەندە کەرەسـتەی سـەرەکی وەرگێڕان زمانە، بۆئەوەی زانسـت و زانیارییەکان بگوازێتەوە، بەڵام کاریگەری وەرگێڕان تەنیا لەم کردەیە بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو لە دەوڵەمەنـدبونی زمان و گۆڕانکارییەکانی زمانـدا ڕۆڵ و کاریگەری هەیە، چونکە ((یەکێکە لەو چالاکییانەی مرۆڤ کە لە کۆنەوە هەبوە،و ئامانجی لێکدانەوەیە بۆ ئەو واتایانەی کە لە دەقەکاندا هەن، گـۆڕیـنی لە زمـانـێکەوە (زمـانی ســەرچـاوە) بـۆ دەق بە زمـانـێـکی دیـکە (زمـانی ئـامـانـج)) (https://mobt3ath.com/dets.php?page).

١-٣. زاراوەی وەرگێڕان: وشــەی وەرگێڕان لە زمانی کوردیدا و لە فەرهەنگی مەردۆخیدا بە واتـای (وەرچەرخـان) کە مەبەســت لێی دروســتکردنەوەی بابەتێکی نوێیە لە بابەیێکی تر، لە فەرهەنگی (مەردۆخی) بەمشــێوەیە شــیکراوەتەوە (هەڵگەڕیان، هەڵچەرخان، وەرچەرخان) (کوردستانی، ٢٠٠٩: ٧٣٩).

لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێت (Translation)، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت (الترجمة)، کە لە فەرهەنگی (الوسیط)دا بەمشێوەیە هاتوە "ترجم" واتە وتەکەی ڕونکردەوە و ڕوشنایی خستەسـەر، قسـەی ئەویتری ڕونکردەوە قســەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گواســتەوە و واتاکەی خســتەڕو (مهاجر، ٢٠٢٢: ١٩)، (المترجم) وەرگێڕ کە بکەرە، کۆیەکەشی (تراجم و تراجمة)، (ترجمة فلان ســیرتە وحیاتە) واتە: فلان کەس ژیاننـامـە و کاروانی ژیانی ڕونکردۆتەوە و باسکردوە، واتە ژیاننامەو بەسەرهاتی خۆی یاداشت کرد.

لەمەشـدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە وەرگێڕان بە واتای ڕونکردنەوەی مەبەسـتی قسـە گواسـتنەوەی واتای دەق و قســە لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی تر دێت، کۆی وشــەی (ترجم) بریتییە لـە وەرگێڕدراوەکان، نوســینی ژیاننـامـە و بەســەرهاتەکانی ژیان بە هەمان شــێوە بە واتای وەرگێڕان دێت، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە وشــەیەك گوزارشــت لە کەسایەتی هیچ کەسێك بکات مەگەر بە خستنەڕوی تەواوی ژیاننامەی ئەو نەبێت. (سەرچاوەی پێشو، ٢٠).

١-٤. چەمک و پێناسەی وەرگێڕان: لەڕاستیدا وەرگێڕان بابەتێکی فراوانە و لێرەدا ڕەگەزە سەرەکییەکان و بنچینە گشتییەکانی وەرگێڕان دەخەینەڕو، کە بەشێوازێکی گشتی دەوترێت وەرگێڕان گواستنەوەی پەیامێکە یان دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر لەلایەن وەرگێڕەوە. ڕەگەزە سەرەکییەکانی وەرگێڕان دەردەکەوێت، کە بونی دو زمانی جیاوازە و بەبێ ئەوە هەرگیز وەرگێڕان نایەتە ئاراوە و هەر وەرگێڕیشە بەم کارە هەڵدەستێت، بەڵام ئەوە کارێکی زۆر قورسە لەسەر شانی وەرگێر، کە چەندین مەرج و تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ ئەم کارە دیارترینیان هاوتاکردنە لە نێوان دەقی زمانە جیاوازەکاندا، زۆر لە پێناسەکان ئەمە دەخەنەڕو بە دەستەواژەی جیاواز بۆنمونە لەم پێناسانەی کە بۆ وەرگێڕان کراون لەپاڵ خستنەڕوی پرۆسەی وەرگێڕان، ئەم بابەتە گرنگەش ئاماژە پێدەکەن وەکو مەرجێک بۆ سەرکەوتوی کاری وەرگێڕانەکە.

(نیدا) دەڵێت: وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بەو زمانەی، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لەپێشدا لە باری واتا و پاشان لە باری دارشتنی شێوازەوە. (مستەفا، ٢٠٠٩: ١٨).

(لیۆنارد فۆستەر) دەڵێت: وەرگێڕان دەبێت هەر ئەو مەبەستە بگەیەنێت، کە لە زمانی سەرچاوەدا گەیاندویەتی. (سەرچاوەی پێشو).

(حەسەن عەمید) دەڵێت: وەرگێڕان پێویستە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، چۆن لە دەقی سەرچاوەدا جێگەی سەرنجە. (سەرچاوەی پێشو).

(سەفا خلوسی) دەڵێت: وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشە و واتا و شێوازەکان دەگەیێنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە ڕونی دەقەکە بکات هەروەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێدەکات (سەرچاوەی پێشو).

وەرگێڕان واتە وەرگەڕاندنی دەقێک یان وتەیەک لە زمانی دەستپێکەوە بۆ زمانی مەبەست بەجۆرێ کە کاریگەریی زمانی دەستپێک لە خوێنەر یان بیسەری زمانی دەستپێک بگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر یان بیسەری زمانی مەبەست.

لەم پێناسانەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە کاری وەرگێڕان هیچ نرخ و بەهایەکی نابێت، ئەگەر دەقی وەرگێڕدراو هەمان مەبەست نەگەیەنێت و هاوتای دەقی یەکەم نەبێت لەڕوی واتا و مەبەست و ... تد، یا سەرنجی خوێنەری زمانی دوەم ڕانەکێشێت و ڕون و ئاشکرا نەبێت، ئەمەش کاری وەرگێڕێکی شارەزا و لێهاتویە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا، هەرچەندە ناساندنی کاری وەرگێڕانیش بە شارەزایی و کارامەیی یان بە زانست یان بە هونەر، ڕاوبۆچونی زۆری لەسەرە، بەڵام هیچ شتێک لە کاری وەرگێڕان ناگۆڕێت، تەنیا نرخاندنی کاری وەرگێڕانە لە دید و بۆچونی کەسەکان. بۆنمونە: (نیومارک) دەڵێت: (وەرگێڕان شارەزایی و لێزانینە و هەوڵدانە بۆ لێکدانەوە و گواستنەوەی پەیامێک یان نوسراوێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر) (سەرچاوەی پێشو).

نوسەری گەورەی کورد (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) لە وتارێکی دا بەناوی (هونەری وەرگێڕان) ئاماژە بەوە دەکات کە، وەرگێڕان کارێکی زانستییە، چونکە پێویستە لە پێکهێنانیدا پەیڕەوی گەلێک یاساو دەستوری زانستیانەی وەرگێڕان و زمانەوانی تێدا بکرێت جۆرەها باری سیسۆلۆجی و ئەنسرۆپۆلۆجی و سایکۆلۆجی ڕۆشنبیری ژیانی قسەپێکەرانی هەردو زمانەکەشی تێدا ڕەچاو بکرێت، هەروەها کارێکی هونەریشە، چونکە لەجێبەجێکردنیدا لە ڕێکخستن دارشتن و شێوازی نوسیندا دەبێت توانایەکی هونەری و هەڵکەوتوانە پێشان بدات (باڵدار، گ.ر. نوێ، ژ. (١٢١)، ١٩٨٩: ١١٢).

هەروەها نوســـەری گەورەی کورد (جەمال نەبەز) لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا بە ناوی (وەرگێڕان هونەرە) ئاماژە بەوە دەکات کە (وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە هونەرێکە بۆ خۆی، هیچ کەمتر نییە لەچیرۆک نوسین و شیعر گوتن و رەخنەگرتن، لەبەرئەوەی ئەوکەســەی پارچە نوســینێک وەردەگێڕێت، دەبێت دەســتێکی باڵای هەبێت لە هونەری وەرگێڕاندا، ئەگەرنا، کارەکەی سەرکوتو نابێت (نەبەز، ٢٠٠٨: ٤٣).

وەرگێڕان یەکێکە لە هونەرە بەرزەکان وەنەبێ هەر چ کەسێ هەڵســاو دەســتیدایە قەڵەم، بتوانێت بەســەریدا زاڵبێت، بەڵکو لەپاڵ بەهرە پێویستی بە شارەزایی و کارامەیی زۆرە.

١-٥. جۆرەکانی وەرگێڕان: جۆرەکانی وەرگێڕان بەپێی ســـەردەم جیاوازە، چونکە پێش پەیـدابوونی کۆمپیوتەر و ئەو گەشـەسـەندنە خێرا و فراوانەی کە لە بواری تەکنەلۆجیادا ڕویدا، وەرگێڕان تەنیا لەلایەن وەرگێڕ (مرۆڤ) ئەنجامدراوە، ئەویش بەشـێوازی زارەکی یان نوسراو بوە، بەڵام لەســەردەمی ئێســتادا وەرگێڕانی ئامێری جۆرێکی گرنگ و پێویســتییەکی سەردەمیانەیە.

بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی وەرگێڕان دو جۆرن، جا مرۆڤ ئەنجامی بدات یان لەلایەن ئامێرێکەوە بێت، ئەویش زارەکی و نوسراوە، کە هەر یەکێکیان چەند جۆرێکی جیاوازیان هەیە.

١-٥-١. وەرگێڕانی زارەکی: لەمجۆرە وەرگێڕانەدا، وەرگێڕ دەقی وەرگێڕدراو بە گوتراو و زارەکی دەهێنێتەوە بەرهەم، واتە گوتەی یەکێک دەســتبەجێ بەشـێوەی زارەکی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕێ، ئەمجۆرە وەرگێڕانە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Oral Translation)، لە زمانی عەرەبیشـدا پێی دەوترێت (الترجمة الفورية) یان (الترجمة الشـفوية) لە زمانی کوردیشدا بریتییە لە (وەرگێڕانی زارەکی).

ئەمجۆرە وەرگێڕانەش زۆر کۆنەو دەمێکە بەکاردەهێنرێت و بۆ گەلێک مەبەست کەڵکی لێوەردەگیرێت، بەشێوەیەکی فراوان لە کۆنگرە و کۆڕ و کۆبونەوەکانی جیهانی و دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەکاردەهێنرێت. (مستەفا، ٢٠٠٩ :٨٦).

وەرگێڕانی زارەکی بەپێی ئەو ژینگەیەی، ئەم پرۆسەیەی تێدا ئەنجام دەدرێت جیاوازی هەیە و هەروەها بەپێی بابەتەکە و هەریەک لەوجۆرانە پێویستی بە لێهاتویی مەعریفی و زمانەوانی تایبەت و بڕوانامەی زانستی و کردەیی هەیە.

١-٥-١-١. وەرگێڕانی هاوکات: وەرگێڕ لە ڕێگای تێگەیشتن لە یەک، یان چەند وشەی سەرەتای زمانی سەرچاوەدا دەست دەکات بە وەرگێڕان و چرکەساتێک دوای تەواوبونی دەقەکە لە زمانی سەرچاوەدا ئەو بەشە کۆتایی پێدێنێت.

وەرگێڕانی هاوکات وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، وەرگێڕان بۆ زمانی ئامانج لە دەوروبەری ئەو کاتەدا ڕودەدات کە قسەکەری سەرەکی پەیامەکە بە زمانی سەرچاوە بەرهەم دەهێنێت. یەکێک لە مەرجەکانی ئەمجۆرە وەرگێڕانە ئەوەیە کە وەرگێڕ لە ژورێکی دابڕاوی دەنگدا دابنیشێت کە ئامێری تایبەت بە گوێگرتن و وەرگێڕان دەستەبەر کراوە. لانیکەم دو وەرگێڕ لە ئەنجامدانی وەرگێڕانەکەدا بگۆڕدرێت ڕێگە بە بەشداربوانی کۆبونەوەیەکی فرەنەتەوەیی دەدات کە بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن، بە تێپەڕاندنی بەربەستی زمانی نێوانیان. هەندێکیان لێکدانەوەی کۆنفرانس لەگەڵ ڕوانگە وەرگێڕانێکی زارەکییە بۆ دەقێکی نوسراو هەر کە خوێندرایەوە، بە ئامادەکارییەکی کەم یان هیچ ئامادەکارییەک. لە کۆبونەوەی فرەزمانیدا بەکاردێت، کاتێک بەشداربوان لە پرۆسەی پەیوەندیکردن، کۆبونەوەیەک، یان کۆنفرانسێکدا، دەقێکیان پێدەگات کە بە زمانێک نوسراوە کە نایزانن، وەک وەرگرتنی ڕاپۆرت، بەیاننامە، پەیام،

بەڵگەنامە و هتد. بە زمانێکی تر نوسراوە، و پێویستە ناوەرۆکەکەی ببینن. لە ئێستادا، لەم خاڵەدا بەزۆری داوا لە وەرگێڕ دەکرێت دەقەکە بە زمانەکەی دیکە بخوێنێتەوە یان ڕونکردنەوە بۆ ئامادەبوان بدات.

١-٥-١-٢. وەرگێڕانی دوابەدوایی: بریتییە لەوجۆرە وەرگێڕانەی وەرگێڕ و قسەکەری زمانی یەکەم لە هەمان کاتدا قسە دەکەن بەشێوەیەک کاتێک قسەکەری زمانی یەکەم دەستپێدەکات، ئەوا دوای چەند چرکەیەک وەرگێڕیش دەستدەکات بە وەرگێڕانی ئەو قسانەی کە قسەکەرەکە دەری دەبڕێت، لە هەمانکات و ساتدا بەبێ وەستان و چاوەڕێکردنی قسەکەرەکە، ئەمەش وەرگێڕانێکی زۆر زیندو و خێرایە.

لەمجۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ دەقی ئاخاوتنی قسەکەری زمانی سەرچاوە وەرگێڕان دەکات، واتە وەرگێڕ و قسەکەر چاوەڕێی یەکتری دەکەن، چونکە قسەکەرەکە دەوەستێت کاتێک وەرگێڕ دەستدەکات بە وەرگێڕان یان وەرگێڕ دوای ئەوەی کە قسەکەری زمانی سەرچاوە قسەکانی خۆی بەکۆتایی دەهێنێت قسەکانی وەردەگێڕێت (طاهر، ٢٠١٤: ٢١٢)، کەواتە کاتی زۆرتر دەخایەنێت لە ئاست وەرگێڕانی هاوکاتدا، زۆرجار لە کاتی سەردانی مەیدانی بەرپرسان، بازرگانان، وەبەرهێنەران، چاودێران و هاوشێوەکانی کە بۆ شوێنێک ئەنجام دەدەن یان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەبەستن. ئەم وەرگێڕانە بە خۆبەخۆیی و ئەو بارودۆخە جیاوازانەی کە ڕەنگە وەرگێڕ خۆی تێداببینێتەوە، لە کۆبونەوە فەرمییەکانەوە تا سەردانی کارگە و ئاهەنگی تایبەتدا دەبینرێت. ئەو فۆرمی وەرگێڕانەی لەم حاڵەتەدا بەکاردێت لە زۆربەی کاتەکاندا یەک لە دوای یەکە و لەیەک کاتدا لە چەند ڕستەیەکی سنوردار پێکهاتوە.

(ئەمجۆرە وەرگێڕانە زیاتر لەکۆنگرە و کۆبونەوە گشتی و تایبەتییەکان و دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا بەکاردەهێنرێت) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٦)، کەواتە لەمجۆرە وەرگێڕانەدا هیچ کات و دەرفەتێک بۆ وەرگێڕەکە نییە، چونکە هاوکات لەگەڵ قسەکەرەکە کاری وەرگێڕانەکە ئەنجام دەدات. هەر لەبەرئەوە لەهەندێ لەسەرچاوەکاندا بە وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ ناوی دەبەن، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا پێی دەوترێت (الترجمة الفورية).

وەرگێڕی ئەمجۆرە وەرگێڕانە دەبێت زۆر چوست و چالاک بێت و هەروەها لە دۆزینەوەی وشە و زاراوەکان هیچ کات پەکی نەکەوێت و دودڵ نەبێ، واتە کەسێکی زۆر خێرا و شارەزای پێویستە، لەلایەکی ترەوە شارەزاییەکی زۆر باشی هەبێت لەو بابەتەی کاری وەرگێڕانەکەی تێدا ئەنجام دەدات، واتە باشتر وایە بەپێی پسپۆڕی و بواری جیا جیا کاری وەرگێڕانەکان ئەنجام بدەن. هەروەها لەڕوی دەنگ و کێشەی ئاخاوتنەوە کەسێکی ساغ و تەندروست بێت و کێشەی درکاندن و دەربڕینی نەبێت.

١-٥-١-٣. وەرگێڕانی بینراو: دوجۆر وەرگێڕانی بینراو هەیە: وەرگێڕان بە بینین، کە لە فەرەنسیدا پێی دەوترێت traduction à vue، و وەرگێڕان بە بینین، traduction à l'oeil (الترجمة الشفوية: الأنواع والأساليب الترجمة التتابعية نموذجا، موراد دموکي) https://platform.almanhal.com/Files/2/104050

وەرگێڕان لە چاوێکەوە، وەرگێڕ دەقەکە بە زمانی سەرچاوە وەردەگرێت و ساتێک بۆ خوێندنەوەی خێرای بۆ دەبات، پاشان دەستبەجێ بە زمانی ئامانج دەیگوازێتەوە. ئەمجۆرە هاوشێوەی وەرگێڕانی پشت بە پشتە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەقی سەرچاوە لێرەدا وەک لە وەرگێڕانی پشت بە پشتدا وەرگێڕ گوێی لێ ناگیرێت، بەڵکو خێرا دەخوێنێتەوە. سەبارەت بە وەرگێڕانی بینراو، ئەو دەقەی بە زمانی سەرچاوە نوسراوە دەگوازرێتەوە بۆ وەرگێڕ، کە دەبێت بۆ یەکەمجار بیخوێنێتەوە و

لەهەمانکاتدا بۆ زمانی ئامانج بیگوازێتەوە. زۆربەی کۆنفرانسەکان لە ئێستادا بە لێکدانەوەی هاوکات بەڕێوەدەچن هەرچەندە زۆر گرنگە وەرگێڕان ئامادەبن بۆ ئەنجامدانی لێکدانەوەی یەک لە دوای یەک.

١-٥-٢. وەرگێڕانی نوسراو: وەرگێڕانی نوسراو لە گشت بوارەکاندا بە کارێکی داهێنەرانە دادەنرێت، چونکە لەرێگەی ئەم وەرگێڕانەوە زانیاری مرۆیی و کلتوری لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازرێتەوە، هەروەها ئەم وەرگێڕانە سنورێکی دیاریکراوی نییە و ناتوانێت سنور بۆ خوێنەرانی نوسراوێکی زمانی سەرچاوە دابنێیت، چونکە هەر نوسراوێک دەتوانرێت بۆ توێژێکی تایبەت بنوسرێت (سەرچاوەی پێشو، ٨٨)

لەمجۆرە وەرگێرانەدا وەرگێڕ پێویستی بە دارِشتنەوەی دەقەکە هەیە، کە ئەمەش گەلێک شارەزایی و لێهاتویی پێویستە لە بواری یاساو دەستوری رێزمانی زمانی دوەم و هەروەها لە بواری وشەکاری و زاراوەسازی و فەرهەنگ و... تد لەگەڵ ئەمانەشدا سەلیقە و کارامەیی نوسەرییەتی پێویستە، کەواتە کاتی زیاتری دەوێت و وەکو وەرگێڕانی زارەکی نییە ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت.

١-٦. ڕێبازەکانی وەرگێڕان: دەربارەی ڕێبازەکانی وەرگێڕان لێرەدا ئاماژە بەچەند ڕێبازێکی گرنگ دەدەین کە وەرگێڕ دەتوانێت لە کاتی وەرگێڕاندا پشتیان پێبەستێت:

١-٦-١. وەرگێڕانی وشە بەوشە: بەو وەرگێڕانە دەگوترێت، نوسراوەکان دەقاو دەق، وشە بەوشە، یەک لە دوای یەک، بێ دەستکاریکردن، وەربگێڕدرێت بۆ زمانێکی تر، چونکە وەرگێڕ تیایدا خۆی دەبەستێتەوە بە واتای ڕوکەشی تاکە تاکەی وشەکانەوە، بێئەوەی گوێ بداتە بیر و باوەڕ و مەبەستی نوسەرەکە یان واتای گشتی و هەست و سۆزی دەقەکە. (باڵدار، ١٩٨٩: ١١٣) ئەمجۆرە وەرگێڕانە کۆنترین جۆری وەرگێڕانە وەرگێڕ تیایدا زۆر پشت بە فەرهەنگ دەبەستێت و ئەو دەقەی بەمجۆرە وەردەگێڕدرێ هەمو مەبەست و واتا سەرەکییەکەی دەقەکە لەدەست دەدات، هەر بۆیە گەلێک لە نوسەران و وەرگێڕەکان هۆشداری دەدەن لە بەکارنەهێنانی ئەمجۆرە وەرگێڕانە، بۆنمونە (نیدا) دەڵێت: ((لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا وەرگێڕ ناتوانێت پارێزگاری لە گشت دەستەواژەکانی زمانی سەرچاوە بکات، چونکە دەبێتە هۆی دەقێکی نەناسراو لە زمانی ئامانجدا)) https://dram.journals.ekb.eg/article

هەروەها (سۆسێر) دەڵێت: ((وەرگێڕانی وشە بە وشە ناتوانێت ئەمانەتی دەق لە زمانی سەرچاوەکە بپارێزێت، چونکە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان وشەکان ڕەچاو ناکات و سنوری نێوانیان دیاری ناکات)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٩٠) واتە ئەمجۆرە وەرگێڕانە هیچ گرنگی بە لایەنەکانی دارِشتنەوەی دەق و یاسا و ڕێساکانی ڕێزمانی زمانی دوەم نادات، بەڵکو تەنیا مەبەستی گواستنەوەی تاکە تاکەی وشەکانە، ئەمەش بە گەورەترین کەم و کوڕی ئەم وەرگێڕانە دادەنرێت.

لەڕاستیدا ئەم ڕێبازە لەسەرەتای وەرگێڕان و کاری وەرگێڕاندا بەشێوازێکی سادە لەلایەن وەرگێڕەوە بەکاردێ، بەڵام کاتێک وەرگێڕ شارەزا و لێهاتو بێت لەهەردو زمانەکەدا کەمتر پشت بەم ڕێبازە دەبەستێت. چونکە بۆ وەرگێڕانی دەق سەرکەوتو نییە، بەڵام بۆ وەرگێڕانی وشە و دەستەواژەی کورت کێشەی نییە، بەتایبەت ئەگەر واتای مەبەست و خوازراوی لەپشت نەبێت.

١-٦-٢. ڕێبازی وەرگێڕانی واتایی: لەم ڕێبازەدا وەرگێڕ پشت بە واتای گشتی دەق دەبەستێت و مەبەستی سەرەکی دەقەکە دەستنیشان دەکات پێش ئەوەی دەست بە وەرگێڕان بکات، پاشان دەقەکە لە زمانی دوەمدا دادەرِێژێتەوە بەبێ ئەوەی

زۆر خۆی وابەستەی تاكە تاكەی وشەكان بكات، چونكە لەمجۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ بە سەربەستی دەجوڵێتەوە و زیاتر مەبەستی ئەوەیە كە واتای گشتی دەقەكە و هەست و ئاواز و سۆزی گوتەكان بگوازێتەوە. (باڵدار، ١٩٨٩: ١١٣).

ئەم ڕێبازە سەركەوتوترینیانە لەبەرئەوەی وەرگێڕ لەم وەرگێڕانەدا زۆرتر بایەخ بە دەق دەدات و هەوڵدەدات بەشێوەیەكی تەواو واتاو مەبەستە سەرەكییەكە بگوازێتەوە و هەر لەبەرئەوەیە بە باشترین و بڵاوترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت.

١-٦-٣. ڕێبازی وەرگێڕانی لێكدانەوەیی: ئەمجۆرە ڕێبازە بۆ ئەو دەقانە دەشێت كە شیاوی شیكردنەوە و لێكدانەوە بن، لەمجۆرە وەرگێڕانەدا واتا و مەبەستی دەقەكە بە فراوانی و قوڵی و وردی، وشەو گوتەی ئاسانتر و ڕەوانتر ڕوندەكرێنەوەو. (سەرچاوەی پێشو، ١١٤). ئەمجۆرە وەرگێڕانە، بۆ لێكدانەوەی دەقی ئاینی دەبێت وەک (قورئانی پیرۆز)، هەروەها دەقی ئەدەبی وەكو (شیعر)، چونكە ئەو دەقانە وشە و دەربڕینی وەها لەخۆ دەگرن، كە واتاكانیان تەواو لەلای هەموكەس ڕون نییە و پێویست بە شیكردنەوە دەكەن.

١-٦-٤. وەرگێڕانی كورتكردنەوە: لەمجۆرە وەرگێڕانەدا وەرگێڕ پوختەی دەقی زمانی یەكەم وەردەگێڕێت بۆ زمانی دوەم، بێگومان ئەمەش كارێكی ئاسان نییە و وەرگێڕ ناتوانێت بە ئازادانە وشە و دەستەواژەكانی دەقی یەكەم لابدات، بەڵكو دەبێت لەكورتكردنەوەدا ئاگاداری ئەوە بێت كە كام وشە و دەستەواژەی دەقی زمانی یەكەم واتاو مەبەستی دەقەكەی تیادا هەڵگیراوە بگوازێتەوە و ئەوەیشی كە لاوەكین و كاریگەری نابێت لەسەر واتاكەی لای بدات.

ئەوەی ئەوجۆرە وەرگێڕانانە دەكات پێویستە زۆر شارەزا بێت لەم بوارە و زۆر بەتوانا بێت لەهەردو زمانەكەدا، تاوەكو پوختەیەكی وەها بداتە دەست خوێنەری زمانی دوەم كە تەواو مەبەستی دەقی زمانی یەكەم بەدەستەوە بدات.

ئەمجۆرە وەرگێڕانە بۆ كورتكردنەوەی گەلێک وتار و كتێب و توێژینەوەی چڕوپڕ بەكاردێ بەتایبەتی لە توێژینەوەكانی گۆڤارەكان و زانكۆكان و مەڵبەندەكانی تری لێكۆڵینەوە كە یارمەتییەكی زۆری توێژەران و خوێنەران دەدات. (سەرچاوەی پێشو،٩٣).

١-٧. وەرگێڕ: یەكێكە لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی پرۆسەی وەرگێڕان، لەگەڵ هەریەكە لە زمانی یەكەم (سەرچاوە)و زمانی دوەم (ئامانج، مەبەست). وەرگێڕ ئەوكەسەیە، دەقە نوسراوەكان لە زمانی یەكەمەوە دەگوازێتەوە بۆ زمانی دوەم، كەواتە هەر بەرهەمێكی وەرگێڕدراو زیرەكی و لێهاتویی وەرگێڕەكەی پێوەدیارە، ئەو دەقە تا چەندە لای خوێنەری زمانی دوەم واتا و مەبەستەكەی ڕون و ئاشكرایە.

لەڕاستیدا وەرگێڕان ئەوكاتە سودی بۆ زمان و كۆمەڵگا دەبێت كە وەرگێڕەكان باش و لێهاتو بن، شارەزا و كارامە بن لە بواری وەرگێڕان وزمانزانێكی ڕون و ئاشكرا و پاراو بێت لەو زمانانەی كاری وەرگێڕانەكەی تیادائەنجام دەدات. .(https://www.manaraa.com/post)

**بەشی دوەم**

## ٢. زمانەوانی كۆمپیوتەری و سەرهەڵدانی وەرگێڕانی ئامێری:

٢-١. زمانەوانی كۆمپیوتەری: Computational Linguistics: زاراوەی زمانەوانی كۆمپیوتەری زانستێكی نوێیە كە تیایدا زمانەوانی لەگەڵ ئامێرێكی ڤیدیۆیی گرێدەدرێت، بێگومان لەلایەن زانستە لۆژیكییە - بیركاریەكانەوە بەرهەمهێنراوە،و

کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو یاسا و سنوردارکردنانە دەبێت کە لەلایەن ئامێرەکانەوە بۆ پرۆسێسکردنی ئۆتۆماتیکی زانیاریەکان دادەنرێت. (کرازدی، لهمویمل، مجلة آفاق العلمية، عدد (١)، ٢٠٢٣: ٢٠٨).

زمانەوانی کۆمپیوتەری لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، بوارێکی مەعریفی خاوەنی سیماو بنەمای ڕونە، بریتییە لەو دەوروبەرە تەکنیکییەی کە لێکەوتەکانی زمانەوانی سروشتی و شێوازەکانی تێدا دەتوێتەوە، کاری ئەم زانستە بریتییە لە هەوڵدان بۆ بەستنەوەی زمان بە کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنۆلۆجییەکانەوە. ئەم لقەی زانستی زمان زمان دەخاتە نێو کۆمپیوتەر و ئەم ئامێرە بەکاردەهێنێت لە شیکردنەوەی زماندا. زیاتر ((بایەخ بە زانستی وەرگێڕانی ئامێری دەدات، دوبارە گەڕانەوەی ئەو زانیارییانەی خراونەتە نێو مێشکی کۆمپیوتەرەوە، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە یاساکانی ماتماتیکی دەبەستێت و داتاکانی زمان شیدەکاتەوە) (سەعید، 2011: 16).

ئەم بوارە زۆر فراوانە، کە چەندین بەکارهێنان لەخۆ دەگرێت وەک وەرگێڕانی ئامێری، ڕاستکردنەوەی ئۆتۆماتیکی هەڵەی تایپ، فێرکردنی زمانەکان بە کۆمپیوتەر، کاری بەڵگەنامەیی ئۆتۆماتیکی، بێژەکردنی ئامێر بە کۆکردنەوەی دەستکردی دەنگە زمانەوانییەکان و چەندین شتی تر، کە سودێکی زۆری هەیە،و لەسەردەمی ئێستادا وەکو پێویستییەک دێتە هەژمار.

زمانەوانی کۆمپیوتەری، لەسەر بنەمای شیکردنەوەی سیستەمە زمانەوانیەکان لە ئاستە جیاوازەکانیدا لەلایەک،و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی بە چارەسەری قسەکردنەوە هەیە لەڕێگەی شیکاری یان کۆکردنەوەکەیەوە، بۆئەوەی بڵێین کە بەکارهێنانەکانی زمانەوانی کۆمپیوتەری هاوتایە لەگەڵ ئاستەکانی شیکاری زمانەوانی (شیکاری فۆنەتیک، مۆرفۆلۆژی، ڕۆنانی و واتا) بۆنمونە، وەرگێڕانی ئامێری بە شێوەیەکی سەرەکی لە جۆری شیکاری سیستەمی واتاسازی زمانەکانە (یوسف، ٢٠٢٠: ١٦).

زمانەوانی کۆمپیوتەری بایەخ بە هەردو لایەنی تیۆریی و پراکتیکی دەدات لە چارەسەرکردنی ئامێریدا بۆ زمان، ئەم زانستە ((سەرەتا تواناکانی بە ئاراستەی گواستنەوەی توانستی بیری مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی زانیارییەکانی زمان و داڕشتنەوەی ئەو توانستانە بە شێوەی هێمای لۆجیکی بەکاردەهێنێت، پاشان ئەوەی بەدەستهاتوە لە لایەنی تیۆرییەوە بۆ دێتاکردنی لە کۆمپیوتەردا، تاکو بتوانێت وەك مرۆڤ زمان بەکاربهێنێت)) (بەهائەدین، 2013: 7).

٢-٢. پەیوەندی زمانەوانی بە کۆمپیوتەرەوە: لەسەردەمی ئێستادا، زمانەوانی بەوە ناسراوە، کە لەگەڵ زانستەکانی تردا پەیوەندی هاوبەشی کارکردنی پێکەوەییان زۆر هەیە، ئەم بوارانە تەنیا بابەتێکی مرۆڤایەتی یان کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو بابەتێکی تەکنیکی و وردن بەهۆی ئەم پەیوەندییانەی لە نێوان دو زانستدا بەدی دەکرێت، زانستێک لە ئاستی مامناوەندیدا لەدایک دەبێت، یان بەواتایەکی تر لە خاڵی یەکتربڕینی دو زانستی تر وەرگیراون، کە میتۆدۆلۆژیی و سیستەمی زاراوەیی خۆیان لە هەردو بوارەکەوە وەرگرتوە، وەک زمانەوانی کۆمەڵایەتی، زمانەوانی دەرونی، زمانەوانی بیرکاری، زمانەوانی یاسایی و زمانەوانی کۆمپیوتەری (هەمان سەرچاوە، 26).

بەدەستهێنانی زانستی قوڵ لە زمانەوانی بیرکاریدا بەهەمان شێوە پێویستی بە کاری تیمی هاوبەش لە نێوان شارەزایانی بواری کۆمپیوتەر و بیرکاری و زمانەوانان هەیە، ئەندازیاری کۆمپیوتەر بە تەنیا بەو زانیارییە سادەیەی لە دیاردە زمانەوانیەکان هەیەتی، ناتوانێت پرۆگرامێکی سەرکەوتو بۆ وەرگێڕانی ئامێری دروست بکات بەبێ یارمەتیدەرێکی شارەزا لە بواری زمانەوانیدا وە بەپێچەوانەوەش هەر ڕاستە. کەواتە گەیشتن بە گفتوگۆیەکی کاریگەر لە نێوان زمانەوانان و کۆمپیوتەرناسان، ئەو بنەمایە پێکدێت، کە پێویستە بۆ توێژینەوە سەرەتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری.

٢-٣ زیرەكی دەستکرد: Artificial Intelligence: لەڕاستیدا لە ژیانی هاوچەرخماندا، کە ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆجیا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە، هەروەک چۆن کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئەپڵیکەیشنی مۆبایلەکان زیاتر لە جاران، لەسەر ژیانی مرۆڤ کاریگەرییەکی بێوێنەیان دروستکردوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێن (ذکي، ٢٠٢٢: ٥٤)، ئەمەش بەهۆی ئەوپێشکەوتنە زۆر و بەرفراوانەی زانست و زانیارییەکانەوە هاتۆتە دی، کە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بەشێوازی جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوە، کە پێویستییەکی سەردەمییانەی مرۆڤایەتین.

زیرەکی دەستکرد (AI) ئاماژەیە بۆ ئەو سیستەمە یان ئامێرانەی کە زیرەکی مرۆڤ هاوشێوە دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان،و دەتوانن بە شێوەیەک خۆیان باشتر بکەن بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی کە کۆی دەکاتەوە.

زیرەکی دەستکرد وەك بەرهەمێکی مۆدێرنی پێشکەوتوی بواری تەکنۆلۆجیا، گەشەی زۆری بە زمانەوانی کۆمپیوتەری داوە، چالاکییەکانی کۆمپیوتەر لەبواری زمانەوانیدا، وەك ((میتۆدە نوێ و سەرکەوتوەکانی فێرکردنی زمان، ڕەچەڵەکناسی، زاراوەناسی، شێوازناسی، تاوتوێکردن و بەراوردکردنی دەقەکان... تد هەروەها پشت بەستن بە تواناکانی کۆمپیوتەر لە بەدواداچون و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتاکان لە بارستاییە مەزن و بێ ژمارەکاندا ئاسۆی نوێ و ورد و فراوانی دەرکەوت (فەرهادی، 2006: 24).

٢-٤. وەرگێڕانی ئامێری: Machine Translation: وەرگێڕانی ئامێری (MT) یان وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی پرۆسەیەکە کاتێک نەرمەکاڵایەکی (Software) کۆمپیوتەر بەبێ بەشداریکردنی مرۆڤ دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەرگێڕێت. (https://aws.amazon.com/ar/what-is/machine-translation) لەم پرۆسەیەدا، سود لە زیرەکی دەستکرد وەردەگیرێت بۆ وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی دەقەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی مرۆڤ. وەرگێڕانی ئامێری مۆدێرن لە وەرگێڕانی وشەیی سادە تێدەپەڕێت، بەو پێیەی دەقێکی زمانی ئامانج دەخاتە ڕو کە هەڵگری واتای تەواوی دەقی زمانی سەرچاوەیە. هەروەها هەمو توخمەکانی دەقەکە شیدەکاتەوە و کاریگەریی هەر وشەیەک کە تێیدایە لەسەر ئەوانی دیکە درک پێدەکات. (سەرچاوەی پێشو) ئەمجۆرە وەرگێڕانە لەگەڵ وەرگێڕانی یارمەتیدەری کۆمپیوتەر (MAHT) نابێت تێکەڵ بکرێت، وەرگێڕانی یارمەتیدەری ئامێر (MAHT) و وەرگێڕانی کارلێککارانە (لقێکی زمانەوانی کۆمپیوتەرییە، کە مامەڵە لەگەڵ بەرنامەکانی کۆمپیوتەر دەکات بۆ وەرگێڕانی دەق یان قسەکردن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

کۆمەڵێک تەکنیک لەبەردەستدان، دەتوانرێت بۆ وەرگێڕانی دەقە ئاڵۆزترەکان بەکاربهێنرێن، ئەمەش دەرفەتێک بۆ باشتر چارەسەرکردنی جیاوازییەکان دەڕەخسێنێت. ئەمەش بە پۆلێنکردنی زمانەوانی و جیاکردنەوەی دەستەواژەکان و وەرگێڕانی دەربڕینەکان و هەروەها جیاکردنەوەی حاڵەتە نائاساییەکان ئەنجام دەدرێت. وەرگێڕانی ئامێری بە مانا وردەکەی ئەو زاراوەیە بریتییە لە گواستنەوەی ناوەڕۆکی دەقێک کە بە زمانێکی مرۆیی دانراوە بۆ زمانێکی تری مرۆڤ بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ لە پرۆسەی گواستنەوەدا، لەگەڵ ئەوەی دەقی وەرگێڕدراو بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ لە پرۆسەی گواستنەوەدا جێبەجێ دەکرێت، لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراو کە تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانی و ماناسازییەکانی زمانی وەرگێڕدراو بەدی دەهێنێت، بۆ ئەو سیستەمی وەرگێڕانی ئامێرییەش، کۆمەڵێک بەرنامەی کۆمپیوتەریی بەیەکەوە گرێدراو و یەکگرتو هەیە، کە دەقەکە وەردەگێڕن. دەقە وەرگێڕدراوەکە بەپێی میتۆدۆلۆژیایەکی دیاریکراو پرۆسێس دەکەن و دواتر بۆ بەرهەمی دەقی وەرگێڕدراو بە زمانەکەی تر دەگوازنەوە. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp لەئێستادا زۆرجار وەرگێڕانی ئامێری ڕێگە بە پۆلێنکردن دەدات بەپێی بوار یان پیشە (بۆنمونە ڕاپۆرتی کەشوهەوا) کە

بەرهەمهێنان باشتر دەکات بە سنوردارکردنی مەودای بەدیلەکانی بەردەست. ئەم تەکنیکە بە تایبەتی لەو بوارانەدا کاریگەرە کە زمانی فەرمی یان گرافیکی بەکاردەهێنن. وەرگێڕانی ئامێری بۆ ئەو دەقانەی کە وشەکانیان زۆرتر واتا دەبەخشن وەک دەقی یاسایی و زانستی و ئەکادیمی و فەرمی بەسودە، نەک واتایەکی بەمەبەست و جۆراوجۆر وەک لە دەقی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی دەبێت کوالیتی بەرهەمەکە (دەقی وەرگێڕدراو بە وەرگێڕانی ئامێری) لەڕێگەی دەستێوەردانی مرۆڤەوە باشتر بکرێت. بۆنمونە هەندێک بەرنامە دەتوانن بە وردتر وەرگێڕان بکەن، ئەگەر بەکارهێنەر بە شێوەیەکی بێ دو دڵی ناوەکانی ناو دەقەکە دەستنیشان بکات. بە یارمەتی ئەم تەکنیکانەی وەرگێڕان سەلماندویەتی کە سەرکەوتوە کاتێک یارمەتی وەرگێڕ دەدات و لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانێت ئەنجامێک بەرهەم بهێنێت کە دەتوانرێت "وەک خۆی" بەکاربهێنرێت. بەڵام نەرمەکاڵای وەرگێڕانی ئێستا توانای وەرگێڕانی وەک وەرگێڕێکی مرۆیی نییە، بەتایبەتی کاتێک زمانی بەکارهێنراو نافەرمی بێت. https://www.marefa.org

بزوتنەوەی وەرگێڕان ڕۆڵێکی شارستانی دیاریکراوی هەبوە، ئەم ڕۆڵە گرنگە و گەورەی وەرگێڕانیش لە هەوڵی وەرگێڕەکانەوە دەردەکەوێت لە گواستنەوەی زانست و تەکنەلۆژیا لەنێوان گەلان بە لابردنی بەربەستە زمانییەکان. وەرگێڕانی ئامێری هەر بەوە ناسراوە کە دەچێتە بواری زیرەکی دەستکرد لەڕێی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە بۆ هەڵگرتنی زانیاری زمانەوانی کە بەهۆی کرداری ڕۆنانکاری و زاراوەسازییەوە بتوانێت کردەی وەرگێڕان ئەنجام بدات بەرامبەر ئەو زمانەی کە لێیەوە وەرگێڕدراوە، وەریبگرێتەوە.

وەرگێڕانی ئامێری لە بنەڕەتدا وەسفەکانی پێکهاتە و واتاسازی هەردو زمانی سەرچاوە و ئامانج دەدات. هەرچەندە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە دەیەکانی ڕابردودا لە شیکردنەوەی پێکهاتەی پێکهاتەیی زمانەکاندا زۆر دور کەوتونەتەوە، بەڵام کۆمپیوتەر وەرگێڕانی ئامێری کوالیتییەکی مرۆیی بەدەست نەهێناوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕستەکە ناتوانێت نوێنەرایەتی کۆنتێکستێکی تەواو بکات بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشەی وەرگێڕان، جگە لەو ڕاستییەی، وەرگێڕان پەیوەستە بە پرۆسەی تێگەیشتن لە دەقەکانەوە زانینی جیهانی دەرەوە (یوسف، 2020: 20).

٢-٥. کەموکوڕییەکانی وەرگێڕانی ئامێری: بەکارهێنانی وەرگێڕی ئامێری بۆ بابەتێک لەوانەیە تەنیا پرۆسەکە خاو بکاتەوە تا ئەو ڕادەیەی، ژمارەی وشەکان لە کاتژمێرێکدا لە دەرچونەکەدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر نەبێت لە ژمارەی وشەکانی وەرگێڕ کە بەبێ یارمەتی شیکاری ئۆتۆماتیکی کاردەکات (بۆنمونە بەکارهێنانی ئامێرەکە تەنیا بۆ گەڕان بەدوای فەرهەنگ و پیشاندانی Keyword In Context index - KWIC واتە پێرستێکی دەوروبەری بۆ وشە سەرەکییەکان، بەڵام بۆ شیکاری نا). بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، وا پێویست دەکات ئەو بەرهەمە خاوەی، لە ئامێرەکەوە وەریدەگرین پێداچونەوەی زیاتر بوێت لەچاو بەرهەمێکی وەرگێڕی مرۆیی.

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە وەرگێڕانی زمانە سروشتییەکاندا لە یارمەتی وەرگێڕەوە دەستپێدەکات بۆ پرۆسێسی وشە و گەڕان بەدوای فەرهەنگدا تا دەگاتە یارمەتی وەرگێڕێکی تەواو لەسەرخۆی. وەرگێڕان بەگشتی تا ڕادەیەک گومانیان هەیە لە ئەگەری دەرهێنانی وەرگێڕانی بەرزی کۆمپیوتەرەکان، بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ. زماناسان ناکۆکن لەسەر باشترین ڕۆڵ کە بۆ کۆمپیوتەر لە ئۆتۆماتیکیکردنی پرۆسەی وەرگێڕاندا دیاری بکرێت. لەم نێوەندەدا کەسی ئاسایی ڕاپۆرتی دژبەیەک وەردەگرێت.

بەربەستەکانی بەردەم وەرگێڕان لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە زیاتر گرفتی زمانەوانین و بۆ زاڵبون بەسەریاندا پێویستە ئەو نارونییانە چارەسەر بکرێن، تەحەدای توێژەران ئەوەیە کە بەرنامەی کۆمپیوتەر پەرەپێبدەن کە شتێکی وەک توانای خوێنەری ئاسایی مرۆڤی هەبێت بۆ دەرهێنانی واتا مەبەستدارەکە لەو ڕیزبەندی وشانەی کە دەقێک پێکدەهێنن. بۆئەوەی بابەتەکە بە شێوەیەکی تر دابنێین، کۆمپیوتەر دەبێت فێربکرێت کە لە دەقەکە تێبگات (سەرچاوەی پێشو، ٢٥).

هەرچەندە وەرگێڕانی ئامێری لە زۆر لایەنەوە دەسکەوتێکی باشی بواری زمانەوانی ئامێری و زیرەکی دەستکردە، بەڵام گەلێک گرفت و کێشە لە بەکارهێنانیدا هەیە، کە بە چەند خاڵێك دەیانخەینەڕو.

١- دەقەکان بەشـێوەی وشـە بەوشـە وەردەگێڕێ لەبری ئەوەی گرنگی بە وەرگێڕانێکی واتایی بدات و چەمک و واتای گشتی دەقەکە لەبەرچاو بگرێت.

٢- دەق وەرگێڕدراو بە وەرگێڕانی ئامێری هەمو جوانییەکانی ناو زمانی یەکەم و ڕوح و گیانی دەقەکە لەناو زمانی یەکەمدا لەدەست دەدات.

٣- زۆربەی دەقە وەرگێڕدراوەکانی وەرگێڕانی ئامێری لایەنی جوانناسی خۆی تیادا نایەتەوە بەرهەم و هەمو ئەو وشە و دەستەواژانەی کە بە ئاوازێکی زمانی یەکەم نوسراوە لە زمانی دوەمدا لەدەستی دەدات. هەروەها لایەنی واتایی دەوروبەری دەقەکەش تیایدا ڕەچاوناکرێت.

٤- زۆرجار لە وەرگێڕانە ئامێرییەکاندا وەرگێڕانێکی هەڵە بۆ هەندێ وشەو دەستەواژەو دەربڕینەکان دەکرێت، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واتای دەقەکەوە نییە.

٥- هەندێجار وشە و زاراوە و ڕستەی پێکەنین ئامێز دەبینین لە دەق وەرگێڕدراودا، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە ئامێرەکان کەمتر لەمەبەست و نیازی دەقی یەکەم تێدەگات وەک ئەوەی مرۆڤێک تێی دەگات. (یعقوبی، و: زارعی، ٢٠٠٧ :٦١).

٢-٦. سودەکانی وەرگێڕانی ئامێری: گرنگی و پێویستی وەرگێڕانی ئامێری هەمیشە لە زیادبونە، وە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبو لە زۆربون و فراوانی هۆکارەکانی پەیوەندی و تێکەڵبونی شارستانیەتی وڵاتان، چونکە لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەدا گەلێک کۆمپانیای گەورە و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆیان ئاسان نەبو، کە ئەو هەمو وەرگێڕە باش و بێ کەموکوڕی بۆ هەمو بوارەکانی زانست و زانیاری دەستبکەوێت، بەتایبەت ئەم پێشکەوتنانەی زانست و زانیاری، کە وەکو کۆمەڵێک بۆمب وابون کە لەدوی یەکتری بتەقنەوە. لێرەدا گرنگی وەرگێڕانی ئامێری زۆر بەباشی دەرکەوت (مدکور، سلسلة من مجلة كلية دار العلوم، عدد (٢٦)، ٢٠١١: ٨٩٧) بێجگە لەمانەش باشترین هۆکار بۆ دەرکەوتنی وەرگێڕانی ئامێری، ئەوەیە کە زۆر خێرایە و تێچوی کەمترە بە بەراورد بە وەرگێڕانی مرۆیی. لێرەدا گرنگترین سودەکانی وەرگێڕانی ئامێری دەخەینەڕو:

١- وەرگێڕانی ئامێری دەتوانێت پرۆسەی وەرگێڕان خێراتر ئەنجام بدات و تێچوی کەمترە لە وەرگێڕانی مرۆیی.

٢- کات پاشەکەوت دەکات، چونکە ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ وەرگێڕان بە بەکارهێنانی وەرگێڕانی ئامێری کەمترە لەو کاتەی کە پێویستە بۆ بەکارهێنانی وەرگێڕانی مرۆڤ.

٣- هەرچەندە زۆرجار وەرگێڕانی ئامێری نادروستە، بەڵام لانیکەم بیرۆکەیەکمان پێدەبەخشێت لە ناوەرۆکی دەقەکە.

٤- وەرگێڕانی ئۆتۆماتیکی پێویستی بە هیچ دەستێوەردانێک نییە، یان هیچ بەربەستێکی زمانی نییە.

٥- بەکارهێنانی وەرگێڕانی ئامێری یارمەتیدەرە بۆ پاراستنی زمانەکان، چونکە مرۆڤەکانی جیهان بە چەندین زمانی جیاواز قسە دەکەن.

٢-٧. تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی ئامێری لەبەرامبەر وەرگێڕانی مرۆییدا:

١- گەلێک زانیاری کە لە مێشکی دەزگای وەرگێڕاندا پاشەکەوت (سەیڤ) بوە هەمویان لەو یەکەیەدا بەشێوەیەکی یەکسان لەبەردەستدان، لە کاتێکدا زانیارییە پاشەکەوتکراوەکانی مێشکی مرۆڤ ڕونی و ئاشکراییەکی یەکسانیان نییە، چونکە مرۆڤ هەندێجار توشی فەرامۆشی دەبێت و شتێکی لەبیر دەچێتەوە، یان توشی شك و گومان دەبێت،و دەبێت بیربکاتەوە و هەوڵبدات.

٢- خێرایی دەزگا یا ئامێرەکانی وەرگێڕان زۆر لە مێشکی مرۆڤ زیاترە، چونکە خێرایی ئەو هاوتایە بە خێرایی بزاوتنی ئەلیکترۆنەکان کە لەگەڵ خێرایی تیشک یەکسانە کە نزیک بە ٣٠٠ هەزار کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا. بەڵام خێرایی شەپۆلەکانی مێشک کە لە ئۆرگانیزمی ناوەندی ئەعسابدایە ئەوپەڕی ١٢٠ مەترە لە چرکەیەکدا.

٣- ئامێری وەرگێڕان دەتوانێت بەبێ هەستکردن بە ماندویی ٢٤ کاتژمێر (ڕۆژ و شەو) کار بکات بەبێ پشودان، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دور و درێژ لە کارکردن بەردەوام بێت، چونکە جەستە و ڕوحی مرۆڤ بەرگەی ئەو هەمو کارەی نییە بەسەر یەکەوە. (یەعقوبی، و: زارعی،٢٠٠٧ :٦٠)

٢-٨. جیاوازی وەرگێڕانی ئامێری و وەرگێڕانی مرۆیی

لەڕاستیدا جیاوازییەکی زۆر لەنێوان وەرگێڕانی ئامێری و وەرگێڕانی مرۆییدا هەیە، چونکە ئامێرەکان بەو هەمو گەشەسەندنەی خۆشیان بەتایبەتی لە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردیشدا کە چۆن ئامێرەکان بتوانن وشە و زاراوە و ڕێسا و پێکهاتەکانی نێوان دو زمانەکە بناسێتەوە و بەرامبەرییان بکات، بەڵام هەر ناتوانێت وەکو مرۆڤێک ئەم کارە ئەنجام بدات، چونکە ئامێرەکان گەلێک کێشە و گرفت هەیە (هەر وەک لە تەوەرەی پێشو خراوەتەڕو) لە بەکارهێنانیاندا بەتایبەتی بۆ بابەتی ئەدەبی و ئاینی و کۆمەڵایەتی، ... تد لەبەرئەوەی ئەم بابەتانە تێکەڵ بە هەست و سۆز و ئەندێشە و ویژدانی مرۆڤ دەبن، بەڵام ئامێر بێ بەشە لەم لایەنانە، بەڵام بۆ وەرگێڕانی بابەتی زانستی و یاسایی و فەرمی و ڕاپۆرتی کەشوهەوا باشترن. هەروەها دەقی وەرگێڕدراو بە ئامێر هەمیشە پێداچونەوەی وەرگێڕێکی مرۆڤی پێویستە لەبەرئەوەی هەمیشە دەقێکی بێگیان و مردومان دەداتێ و پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ پێداچونەوەیەکی باش بۆ دەقەکە بکات و کوالیتی بەرهەمەکە لەڕێگەی دەستێوەردانی مرۆڤەوە باشتر بکات. بۆنمونە هەندێک بەرنامە دەتوانن بە وردیتر وەرگێڕان بکەن ئەگەر بەکارهێنەر بە شێوەیەکی بێ دودڵی ناوەکانی ناو دەقەکە دەستنیشان بکات. بە یارمەتی ئەم تەکنیکانە وەرگێڕان سەلماندویەتی کە سەرکەوتوە کاتێک یارمەتی وەرگێڕ دەدات و لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانێت ئەنجامێک بەرهەم بهێنێت کە دەتوانرێت "وەک خۆی" بەکاربهێنرێت. بەڵام نەرمەکاڵای وەرگێڕانی ئێستا توانای وەرگێڕانی وەک وەرگێڕێکی مرۆیی نییە، بەتایبەتی کاتێک زمانی بەکارهێنراو نافەرمی بێت. https://www.marefa.org، هەروەها وەرگێڕانی ئامێری هەرگیز ناتوانێت بۆ وەرگێڕانی کتێبێکی گەورە بەکاربێت بەتایبەتی کە مرۆڤ دەتوانێت ماوەیەکی دور و درێژ خۆی تەرخان بکات بۆی.

## ئەنجامەکان

١. وەرگـێڕان ڕۆڵـێکی کـاریگەر و بەهـێزی هەبـوە لە زیـادبون و فراوانبـونی پەیوەنـدی نێـوان وڵاتـان و گەلانی جیهان هەتا ئێستاش ئەم ڕۆڵ و کاریگەرییەی بەردەوامی هەیە.

٢. وەرگـێڕان بە پـێی گـۆڕانی ژیـان و سـەردەم بەسـەردەم خـۆی گونجانـدوە، چەنـدین جـۆر و چەشـنی جیاوازی هەیە، دیارترین جۆری لە ئێستادا وەرگێڕانی ئامێرییە.

٣. بـیرۆکەی سـەرهەڵدانی وەرگـێڕانی ئـامێری لە ئەنجـامی ئەو پێشـکەوتنە خـێرایەی لەبـواری زمـانەوانی کۆمپیوتەریدا لەدوای پێشکەوتنی بوارەکانی تەکنۆلۆجیا و دەرکەوتنی زیرەکی دەستکرد.

٤. باشـترین هۆکـاری پەیـدابونی وەرگـێڕانی ئـامێری بـریتییە لە خـێرایی کـارکردن و تێچـوی کەمـتر و دەسـتەبەرکردنی لەهەمـو کاتێکـدا، لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرتـرین زمـانی تیـادا بەردەسـتە لەبەرامـبەر وەرگـێڕێکی مرۆییدا.

٥. هـیچ کـات وەرگـێڕانی ئـامێری ناتوانێـت جـێگەی وەرگـێڕانی مـرۆیی بگـرێتەوە لەگەڵ ئەو هەمـو لایەنە باشـانەی، کە هەیەتی چـونکە هەمیشـە دەقی وەرگـێڕدراو بە وەرگـێڕانی ئـامێری پێـداچونەوەیەکی لەلایەن وەرگـێڕێکی مـرۆییەوە پێویسـتە، چـونکە ئامێرەکـان خـاوەنی هەسـت و بـیر و ئەندێشـەی مـرۆیی نـین. لەم لایەنانەوە هەڵە زۆرتر دەکات.

٦. هەمـو چەشـن و جۆرەکـانی وەرگـێڕان لە کـات و شـوێنی گونجـاو دا بەکـاردێن، ناکرێـت بـاشی یەکێکیـان لەلایەنـێکەوە ببێـتە هۆکـاری بەخـراپ زانیـنی جـۆرێکی تـر، چـونکە دەق و نوسـین و گـوتە و پەیـامی جۆراوجـۆر هەیە لە ژیانـدا کە هەر یەکێ لە جۆرەکـانی وەرگـێڕان بـۆ بوارێـک لە نوسـین و گوتەکـان بەکاردێت.

# Machinery Translation and its Significance

**Taban Nuri Hamasaeed[1] - Hamza Hussein Hama[2]**

[1+2]Department of Kurdish Language, College of Education, University of Raparin, Raniyah, Kurdistan Region, Iraq

### Abstract

This study shows the importance of translation in the field of functional linguistics. Translation has been an important need for communication between different countries and civilizations, and this importance of translation has increased and continues nowadays. Because of the rapid development of science and technology, translation is needed more; translation was thought to be done with technological equipment and computers, so that it can meet the needs of people with this rapid development of science and technology.

The first part presents functional linguistics, the concept and definition of translation and types of translation. The second part presents computational linguistics, artificial intelligence and machine translation, the reasons for the emergence and importance of this type of translation.

**Keywords***:* functional linguistics, computational linguistics, artificial intelligence, machine translation, translator.

**سەرچاوەکان**


باڵدار، إبراهيم أمين (١٩٨٩)، هونەری وەرگێڕان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٢١، بەغدا.

بەهائەدین، مەریوان ئەسعەد (٢٠١٣)، وەرگێڕانی ڕستە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی، هەولێر.

خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، (٢٠١٦) زمانەوانی کارەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

سەعید، یوسف شەریف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

طاهر، شهاب طيب (٢٠١٤)، دەربارەی زمانەوانی، نارین بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

فەرهادی، عاتف عبدالله (٢٠١١)، فێرکردنی زمانی کوردی لەسەر بنەمای پاوەرپۆینت، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

کریستاڵ، دەیڤد (٢٠٢٠)، کورتەیەک لە مێژوی زمان، و: سەربەست جیهاد، ناوەندی ڕۆشەنبیری ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

کوردستانی، موحەممەد مەردۆخی (٢٠٠٩)، فەرهەنگی مەردۆخی، بەرگی دوەم، چاپی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەو بەیان، سنە.

مستەفا، پەروین عوسمان (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مهاجر، زرێبار عەزیزخان (٢٠٢٢)، هونەری وەرگێڕان، چاپی یەکەم، کاروان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سۆران.

نەبەز، جەمال (٢٠٠٨)، وەرگێڕان هونەرە، چاپی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان.

یەعقوبی، حسین و: زارعی، ئیسماعیل (٢٠٠٧)، زمان، وەرگێڕان و پەیوەندیی کلتورەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

استيتية، سمير شريف (٢٠٠٨)، اللسانيات-المجال، والوظيفة، والمنهج، الطبعة الثانية، عالم الكتب الحديث، إربد-الأردن.

بن يوسف، حميدى (٢٠٢٠)، مفاهيم وتطبيقات في الليسانيات الحاسوبية، مركز الكتاب الأكاديمى.

كرازدى، زينب و لهمويمل، باديس (٢٠٢٣)، مجلة آفاق العلمية، عدد (١).

ذكي، عبدالمنعم أحمد (٢٠٢٢)، تحديات إسـتخدام تطبيقات الذكاء الإصـطناعي في تعليم اللغات الأجنبية- اللغة اليونانية الحديثة أنموذجا (دراسـة تطبيقية)، كلية الآداب بجامعة عين شمس، Egyptian Journal of Language Engineering, Vol. 9, No. 1, 2022

مدكور، عمرو محمد فرج (٢٠١١)، الترجمة الآليه (مفهومها-مناهجها) نماذج تطبيقية في اللغة العربية، سلسلة مجلة كلية دار العلوم، عدد (٢٦)، جامعة الفيوم.

https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/232/15/1/214709

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp

ttps://aws.amazon.com/ar/what-is/machine-translation

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp

http://sullamunnajah0602.blogspot.com/2010/03/blog-post_07.html

https://platform.almanhal.com/Files/2/104050

https://www.marefa.org

ttps://www.manaraa.com/post

ttps://mobt3ath.com/dets.php?page